وەزارەتی دارایی و ئابووری بڕیارێکی لەبارەی پاداشت و هاوکارییەکانەوە دەرکرد

وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان گشتاندنی دارایی ژمارە (1) ی ساڵی (2024) تایبەت بە خەرجی و داهاتی سەرجەم وەزارەت و فەرمانگەکانی نێستراو بە وەزارەت باوکردەوە.

بەپێی نوسراوێکی وەزارەتی دارایی کە بەرواری ئەمڕی لەسەر 24/1/2024 ، ئاماژە بۆ کراوە، تاوەکوو بودجەی ساڵی 2024 پەسند دەکرێت، پێشینەی بەردەوامی مانگانە بە دامودەزگاکان خەرج دەکرێت، ئۆیش دوای فەرمانی نوێکردنەوەیان.

لەنووسراوەکەدا ئاماژە بۆشدراوە،بەپێی بودجەی مانگانیان، ڕێگە بە فەرمانگەکان دەدرێت، هەندێك پێویستیی گرنگ و ئامڕ و کۆلۆپڵ بکڕن.

هەروەها وەزارەتی دارایی ڕوونیکردووەتەوە کە سەرجەم پاداشت و هاوکارییەکان لادەگیرێن، جگە لە بەخشینی بەردەستی وەزیرەکان نێبێت.

ئۆیش خراوەتە ڕوو نابێت بەبێ ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، هیچ فەرمانبەرێك بە دەرەوە ئیفاد بکرێت، ئەگەر بەم جۆرە کرا، ئەوە پارەی بە خەرج ناکرێتەوە، ئەگەر ڕەزامەندیی ئیفادیش هەبوو، دەبێت لەسەر پێشینەی مانگانە پارەکە خەرج بکرێت.